

# ئایا ٣١ی ئاب خیانەتە؟

هەشت ساڵە نووسەری کورد، بەتایبەتی ئەوانەی دژایەتیی ئایدۆلۆژییان لەگەڵ پارتی دیموکراتیی کوردستانی عێراقدا هەیە، لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەنووسن، بەبێ ئەوەی لە سەرجەمی ئەو وتارانەدا شتێکی گرنگ و نوێیان پێ وتبێ. نووسەری کورد چونکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕووداوەکاندا نییە، بۆیە تەنها دەتوانێت ڕۆڵی شایەت ببینێت. لەبەر ئەوەیش خاوەنی بینینێکی قووڵ نییە، بۆیە زۆر ڕووکەشانە لەو ڕووداوانە تێدەگات. ڕاستە شکستی حوزەیرانیش لای عەرەب تا ئێستا نەبڕاوەتەوە و بەردەوام نووسینی کاڵوکرچ لە شێوەی ئەو وتارانەی ئێمە لە بارەی ٣١ی ئابەوە دەینووسین، بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لەپاڵ ئەوانەدا خوێندنەوەی وردیش بەدی دەکەین. لێرەدا تەنها بۆ نموونە کتێبی «ڕۆشەنبیران و کەلوپوور»ی «جۆرج تەرابیشی» دەخەینە بەرچاو، کە لەو لێکۆڵینەوە فیکری ـ سایکۆلۆژییەدا عەقڵیەتی دەستەڵاتداری عەرەبی و ئەو نووسەرانەیش لە ئەنجامی ئەو شکستەوە تووشی عوساب بوون، دەداتە بەر ڕەخنە، بەوەی کە هەموو تواناکان لە ڕابردوودا دەبینن. گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی عەرەب دەستەڵاتدار بوون و هەوڵدان بۆ بەوێناکردنی ئەو سیستەمە کۆنانە لە سەردەمی ئێستادا . گێڕانەوەی دەستەڵاتی نێرینە بۆ ناو خێزان و بۆ سەرجەمی دامودەزگاکاندا . واتە خوڵقاندنی باوکێک لە کەلەپوور بە مانا فرۆیدییەکەی و دانانی لە جێگای باوکی کوژراودا . لای ئێمە هیچ هەوڵێکی جدی نییە بۆ خوێندنەوەی ڕووداوی ٣١ی ئاب. زۆربەی ئەو نووسینانە دیدگایەکی فیکرییان نییە و دوورن لە بەدەسەتەوەدانی سەرەنجامی مەعریفی. لە لایەکی تر هەموویان ٣١ی ئاب بە هی پارتی دیموکراتیی کوردستان دەزانن، لەکاتێکدا ئەمە شکستی کەلتوورەکانی ناو کوردستانە لە زەمەنێکی دیاریکراودا هاتۆتە دی و دوور و نزیک پەیوەندیی بە پارتییەوە نییە. زەمەنێک، کە خۆی لە قەیرانێکی گەورەدا دەبینێتەوە. ئایا دەکرا کوردستانییەکان لەو سەردەمەدا بێجگە لە ٣١ی ئاب چی تریان بکردایە؟ ئایا ئەو کۆمەڵگایەی بووە مەیدانی ئەو کارەساتە، خۆی بۆ شتێکی لەوە چاکتر ئامادە کردبوو؟ ئەو نووسەرانە هەموو مەسەلەکە لە تێکشکانی نەتەوەیەکی ژێردەست بە

دەستی دیکتاتۆری دەوڵەتێکی داگیرگەری فاشیستدا کورت دەکەنەوە، بەڵام کەم و زۆر بەلای ئەوەدا ناچن ئاخۆ پێش ئەو ڕووداوە تاکی کوردستانی هەر لەو هەولێرەی بووە مەیدانی کارەساتەکە، چەند خاوەنی ئازادی بوو. ئەو دەزگا مەدەنییانە چی بوون لەو شارەدا دامەزرا بوون؟ ئەو خۆشگوزەرانییە چی بوو، کە دانیشتوان بەخۆیانەوە دیبوو؟ چەند لەو یاسا کۆنانە لابرا بوون، کە دژایەتیی ژن دەکەن؟ سیستەمی فێرکردن و پەروەردە تازە کرا بووەوە؟ ئەو گۆڕانانە چی بوون، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە هاتبوونە دی و لەگەڵ ٣١ی ئابدا لەناوچوون؟ ئێمە دەپرسین ئایا پارتی دیموکراتیی کوردستانی عێراق لە ٣١ی ئابەوە گۆڕا؟ پەیڕەو و پرۆگامەکەی گۆڕی؟ بێگومان نەخێر. لێرەدا شتێک نییە بە ناوی خیانەت، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەنجامدانی ئەرکێکی حیزبیانەیە. پارتی دیموکراتیی کوردستانی عێراق لە سەرەتای درووستبوونیەوە باوەڕی بەوەیە لە ڕێگای چەکەوە مافەکانی بەدەست بهێنێت، کە بریتییە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. بۆ ئەوەیش بتوانێت بەو ئامانجەی بگات، ئەوە دەبێت هەموو ڕێگایەک بگرێتە بەر و هەموو بەربەستێکیش تێکبشکێنێت. پارتی دیموکراتیی کوردستانی عێراق پەنای بۆ هێزی دوژمن نەبردووە، چونکە هیچ کاتێک حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بە دوژمن نەزانیوە. بەعس حیزبێکە و تاقە حیزبی دەستەڵاتداری ئەو ڕووبەرە جۆگرافیایەشە، کە پارتی هەوڵ دەدات تێیدا قەبووڵ بکرێت و ئۆتۆنۆمییەکەی بۆ بنەماڵەی خۆی مسۆگەر بکات. ئەگەر ساڵانێک شەڕی لە دژی ئەودا هەڵگیرساندووە، دیارە شەڕێکی تا ڕادەیەک هێمنیش بە مانا سەربازییەکەی، ئەوا تەنها داوای ئۆتۆنۆمیی کردووە، هەر بۆیە بە هەموو گفتوگۆیەکیش ڕازی بووە. لێرەدا دەکرێت بڵێین ٣١ی ئاب زەمەنێکە، کە بەعسی و پارتی ناچار دەکات بەوەی ئەرکێکی هاوبەش بخەنە ئەستۆی خۆیانەوە، بۆئەوەی ئەو جۆگرافیایە نەشێوێت و گەمە سیاسییەکان بەردەوام بن. دەتوانین بڵێین فاکتەری نووسینی ئەو نووسەرانە تەنها تێکشکانی هەستی پیاوەتییانە لەبەردەم دوژمندا. ئەمەیش خۆی لە فەنتازیایەکی نێرانەی فالوسییانەوە دەردەخات. ئەوان پارتی لە شێوەی کچێکدا دەبینن، کە بە ئارەزووی دڵ ڕەدووی پیاوی بێگانە کەوتبێت. ئەو خوێنەیش کە ڕژا، هەمان خوێنی کچێنییە. بۆیە هەموو مەسەلەکە لە شەرەفدا کورت دەکەنەوە. کەم نین ئەو نووسەرانەی تا ئێستایش کوردستان بە دایک و خوشک و بووک و شتی دیکەی لەم بابەتە دەچوێنن. لێرەوەیە ٣١ی ئاب بە خیانەت دەزانن بۆ پارتی، کە بە هیچ شێوەیەک خیانەت نییە، بەڵکو سەرکەوتنە. بۆئەوەی پێناسەیەکی کورتی سەرکەوتنیش بکەین، ئەوە دەڵێین سەرکەوتن بریتییە لەو دەستکەوتانەی، کە لە ئەنجامی شەڕێکەوە دێنە دی. واتە پچڕینی بەها مادی و

ڕۆحییەکان لەو لایەنەی شەڕ و ململانێی لەگەڵدا دەکرێت. ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانینە ٣١ی ئاب، ئەوە بەبێ دوودڵی دەتوانین بە سەرکوتنی دابنێین بۆ پارتی. هەر ئێستا ئەو لایەنەیش ئاشکرا دەبێت، کە پارتی شەڕی لە دژدا کردووە و ئەو دەسکەوتانەی لێ بەدەست هێناوە. بەڵێ، ئەو لایەنە دژە، کۆمەڵگای کوردستانە، کە پارتی توانیویەتی بیخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. هەژارکردنی زیاتری خەڵکی زەحمەتکێش. سەرکوتکردنی ئازادییەکان بە هەموو شێوەکانیەوە. کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر لە ڕێگای گومرگ و سەندنی باجەکان. بڕەودانی زیاتر بە بنەماڵە و عەشیرەت و دەستەڵاتی پیاوسالاری. بەخشینی پلە و پایە بە پیاوانی بەعسی لەناو دامودەزگاکانی و زۆری تریش. کەواتە پارتی لە ٣١ی ئابدا چ خیانەتێکی کردووە. پارتی لە دوای ٣١ی ئابەوە بەهێزتر بووە، بەوەی بۆتە خاوەنی سەرمایەی زیاتر. لە ڕێگەی سەرمایەشەوە توانیویەتی کەسەکان بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی بکڕێت. سەیر نییە ئەگەر ئەو نووسەرە بێکەڵکانەی، کە جاران پارتییان بە کۆنەپەرست و حیزبی بنەماڵە و دەیان شتی تری لەم بابەتە دەزانی، لە ٣١ی ئابەوە کەوتبنە پێداهەڵدانی. کەلتوورەکانی کوردستان چونکە هیچ ئامادەییەکیان نییە بۆ شەڕ و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی پارتی، ئەوە نەک هەر لە بەردەمیدا تێکشکاون، بەڵکو ڕێگایشیان داوە بیانکاتە ئامرازێکی گرنگ بۆ لێدانی نەیارەکانی و سەرکوتکردنی هەموو نارەزاییەک. لە شەڕدا لایەنی دۆڕاو ناو لە لایەنی براوە نانێت خاین، بەڵکو لە لۆژیکی شەڕ تێدەگات، کە دۆڕاو دەبێت سەر بۆ مەرجەکانی براوە دانەوێنێت، تا ئەو کاتەی هێز پەیدا دەکاتەوە و جارێکی دی بەگژیدا دەچێتەوە. کەواتە ئەوەی ٣١ی ئاب بە خیانەت و پارتی بە خاین دەزانێت، دەنگی ئەو کەلتوورە دۆڕاوانەی کوردستان نییە، بەڵکو دەنگی ئایدۆلۆژیایە، ڕاستتر دەنگی ئایدۆلۆژیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە. ئەوان بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت ئەو شکستە، کە لەبەر ئیعتیباری سەربازی ناوی غەدر و خیانەتی لێ دەنێن، بۆ خۆیان حیساب بکەن، بۆئەوەی لە پڕکردنەوەی ئەو زیانەدا شەرعیەتی زیاتریان هەبێت. بەڵام ئایا ڕاستە شکستی ئەوانە؟ ئێمە نامانەوێ ئەوانەی وتمان دووبارەیان بکەینەوە، بەڵام ڕاستییەک هەیە نکوڵیی لێ ناکرێت، ئەویش ئەوەیە بۆ حیزبی کوردی ئەوە گرنگ نییە ڕووبەری ئەو خاکەی لەژێر دەستی دایە چەندە، بەقەدەر ئەوەی لەو ڕووبەرە خاکەدا چەندی دەست دەکەوێت. ئایا یەکێتی ئامادە نییە هەموو سلێمانی و دەوروبەرەکەی بە ئیبراهیم خەلیلێکی بچکۆلە، بەڵام دەوڵەمەند و پڕ داهات بگۆڕێتەوە؟ یەکێتی کاتێ باسی زیانەکانی ٣١ی ئاب دەکات، لەوەدا باسی دەکات، کە حیزبەکەی لەو پرۆسەیەدا چەندی لە دەست چووە، نەوەک لەوەی

کەلتوورەکانی کوردستان لەو شەڕەدا بە چ ئەنجامێک گەیشتوون. یەکێتییش وەکو پارتیی برای لایەنێکی تری دژ بەو کەلتوورانەیە. یەکێتی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا شتێکی جیاواز لەوەی پارتیی نەکردووە. هەر لەو شارەدا خەڵک زیاتر برسی کراون. گۆڤار و ڕۆژنامە داخراون. نووسەر و ڕۆژنامەنووس گیراون. لایەنی دژ دراونەتە بەر گوللە. لێرەدا دەگەڕێینەوە لای ئەو نووسەرانە، کە بیانەوێت و نەیانەوێت کاتێ باس لە ٣١ی ئاب دەکەن، لە پرسیارەکانی یەکێتییەوە، نەوەک لە پرسیاری کەلتوورەکانی کوردستانەوە، ڕووبەڕووی پارتی دەبنەوە. ڕەنگە ئەوەی ئەمساڵ لە ساڵانی پێشوو زیاتر ئەو نووسەرانەی سەغڵەت کردبێت و پاڵی پێوە نابن بە حەماسی گەرمترەوە لە بارەیەوە بنووسن، بینینی پاڵەوانی یەکەمی ٣١ی ئاب بێت، کە وەکو کەمتیارێکی گەڕ لەناو کونێکی تەسکی بچووکدا هێنایانە دەرێ. ئەمەش وای لێ کردبن بە حەپەسانەوە بڵێن: «ئێوە وتتان پەنا بۆ شەیتان دەبەین، کەچی بۆ دیکتاتۆرێکی زەلیلتان برد».

هەورین پاکزاد haw_pakzad@yahoo.com